www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14:55 28-5-2006

## هەڵپەڕکێی ئیسلامی.. ! ... هێمن

ئێمەی کورد سالەهای ساڵە بە موسوڵمان کراوین و قبوڵیشمان کردووە و زیاتر لە عارەبەکانی سعودییە. ئەگەر سەیرێکی باو و باپیرانی خۆمان بکەین هەموو ئەو ڕاستیانە ڕوون و ئاشکرایە. باوک و دایکمان باپیرە و داپیرەمان مام و خاڵەکان و پورەکانمان نوێژیان کردوە و ڕۆژویان گرتووە و هەموو فەریزەکانی ئیسلامیان بە جێ هێناوە بەبێ غەش، بەڵام ئەمانە هەرگیز بیریان لە حیزبێکی سیاسی ئیسلامی نەکردۆتەوە، بگرە هەندێکیشیان ئەندام بوونە لە حزبەعیلمانیەکانی وەک و حزبی شیویعی یان پارتی یان یەکێتیی یان پاسۆک یان حسک هتد. بەبێ ئەوەی ئیمانیان بۆ ساتێکێش لاواز بووبێت. مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئێمەی کورد لە ئیسلامەتیدا درێخیمان نەکردوە. بەڵام ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان تەنیا لە دیدی نەتەوە خوازییەوە تەماشای ئێمەیان کردەوەو وەکو نەتەوەیەک ئێمەیان چەوساندۆتەوە و قریان کردووین. دەگێڕنەوە لە کاتی ئەنفالە بەدناوەکەدا لە ناوچەی پێنجوین مەلایەک بە قورئانێکەوە دەچێت بە پیر جەیشەکەوە تاوەکو بەزەییەکیان بەو قورئانەدا بێتەوە و ئازاریان نەدەن، ئەفسەرەکە هەتا دەتوانێت شەقێک لە قورئانەکە و دەستی مەلا هەڵدەدات و پێی دەڵێت سەگی کوڕی سەگ قورئان قورئانی ئێمەیە تۆ بۆ بەدەستتەوە گرتووە. ئا ئەمەیە مانای ئیسلام. ئێمەی کورد بە ناوی ئیسلامەوە غەدرمان زۆر لێکراوە و کەچی هەر دینی ئیسلامیمان پاراستووە. بەڵام ئەوانە لە هەوڵدانی خۆیاندا بۆ گۆڕینی سیما و کولتوری کوردی بە جۆرەها شێواز درێخیان نەکردووە و ئێستاش بە شێوەیەکی دی کە کۆمڵێک کولتوری نامۆ دەنێرن بۆ ناومان، مەخابن خۆمان هەستی پێناکەین.
ئەگەر چاوێک بە تەلەفزیۆنەکانی خۆماندا بخشێنین ئەم ڕاستیانە بە زەقی دەبینین، کۆمەڵێ هەڵپەڕکێی نامۆ بە نەتەوەی کوردیان ئیستراد کردووە لە ئێرانی ئیسلامییەوە کە ڕۆژانە لە شاشەکانی کوردستانەوە دەبینرێت بەبێ جیاوازی. هەڵپەڕکێی ئیسلامی کە بوونی نەبووە لە ناو گەلانی کوردستاندا، ئەوەتەی کورد هەیە ڕەشبەڵکی هەبووە و لە هەموو شایی و خۆشیەکاندا کوڕ و کچ، ژن و پیاو بەیەکەوە و بە یەکریز هەڵپەڕیوون، چەند جوانە کە ئەو کوڕو کچانە دەست دەگرن و نەرم نەرم و شان بەشانی یەکدی دێنە پێش و دەچنە دواوە. جۆرەها ڕەنگی قەشەنگ و ڕەنگاو ڕەنگ تێکەڵ بە چاوبرکێی کیژ و کوڕ کە هەردەم گەورە سالانیش دەخاتەوە ڕۆژگاری لاوێتی ئەمەیە هەڵپەڕکێی ڕەسەنی کوردی. کەچی ئێستا دەبینیت یەک ڕیز پیاو قۆڵی یەکدیان توند گرتووە و تەکان یان کووت دەهاوون دەزانن چەند دیمەنێکی ناشرین و نامۆیە. هەرکەسێک لە ئەوروپا بیبینێت وا دەزانن کە ئەمانە (هۆمۆن) و هەموو کوردیش وان. جاران بە ئەنفال و کیمیا باران دەیان ویست بمان توێننەوە و بە عارەب و فارس و تورکمان بکەن یان مێشکمان بە ئیسلامی سیاسی بشۆنەوە، بە لام ئێستا بە هونەری ئیسلامی مێشک و چاومان پڕدەکەن.
تکا دەکەم لە بەرپرسی تەلەفزیۆنەکانی کوردستان و ڕاگەیاندنە کوردییەکان، هۆشێک بێننەوە بەرخۆ، تەماشای کەناڵە عارەبییکان بکەن بزانن هەرچی هوونەری نوێ هەیە لەلای ئەوانەوە دەردەچیت و ئەوانیش وەک ئێوە موسڵمانن. تکایە ئەو جۆرە کارانە ڕابگرن و مەهێڵن لە کەناڵەکانی ئێوەوە پیشان بدرێت. چونکە ئەوە دەستێکی ئیسلامی سیاسی ئێرانی لە پشتەوەیەو هیچی تر.

سوید